# کەمپینی دابینکردنی دەمامك ( قیناعی دژ بە چەکی کیمیاوی) بۆ گەلی باشووری کوردستان

لە ناوەندی هەلَەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد- (چاک) ە وە

بۆ /

پەرلەمانی باشووری کوردستان

هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان

گشت پارت و رێکخراوەکانی سیاسی و مرۆڤدۆست و خزمەتکوزاری کوردستان

نەتەوە یەکگرتوەکان و گشت رێکخراوەکانی مرۆڤدۆست و خزمەتکوزاری کوردستانی و بیانی لە دەرەوەی کوردستان

سڵاو ڕێز

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە و گران لە عیراق و کوردستان دا نزیکدەبێتەوە. ئەم شەڕە چاوەڕوانکراوە، بەگوێرەی هەموو سەرچاوەکانی بیانی و خۆجێیی، ئەنجامێکی وێرانکەرانەی دەبێ لە سەر ناوچەکە و بە تایبەت هەرێمی باشووری کوردستان. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەبێ خواستویستی گەلی کورد هەرێمەکەشی خستووتە ناو بازنەی گۆڕەپانی شەڕەکەدا. لە بەر ئەوەی ئەوان باشووری کوردستان بە بەشێک لە عیراق دایدەنێن و چونکە ئەوان دەیپارێزن لە هەڕەشەکانی ڕژێمی عیراق، بە مافێکی سروشتی خۆیان دەزانن بەکارهێنانی خاکی باشووری کوردستان. بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی نێوان عیراق و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ئەم شەڕە کوردستانیش دەگرتەوە. و **ئەگەر ڕاست بێ سەددام چەکی کۆکوژی هەبێت وەک چۆن ئەمریکا دەڵێت و هەر بەو هۆیەش ئەم شەڕە** بەرپادەکات، ئەوە سەددام ئەم چەکانە دژ بەکورد بەکاردێنێ. هەر وەکو چۆن لە کاتی شەڕی نێوان عیراق و ئێراندا، سەددام چەکی کیمیاوی بە شێوەیەکی بەربڵاو دژی کوردی بەکاری هێنا نەک ئێران و کورد ئەزمونێکی تاڵی هەیە لەم بوارەدا بۆیە:

» بە پلەی یەکەم، دوا لە پەرلەمانی باشووری کوردستان و هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، پەیوەندی بە ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن تا وەکو ئەوان بە پارەی بریاری 986 دەمامک ( قیناع) بۆ خەڵکی باشووری کوردستان دابین بکەن، بەر ئەوەی شەڕەکە دەستپێبکرێت و جەماوەری خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی هەوڵەکانیان ئاکادار بکرێنەوە.

» بە پلەی دووەم، داوا لە گشت پارت و رێکخراوەکانی سیاسی و مرۆڤدۆست و خزمەتکوزاری کوردستان دەکەین دەست بە هەڵمەتێکی کرێنی دەمامک بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیتەی تایبەت دروست بکرێن.

» هەروەها داوا لە گشت پارت و رێکخراوەکانی سیاسی و مرۆڤدۆست و خزمەتکوزاری کوردستان دەکەین، گەر بارودووخەکە ناسک دەبینن، پەیوەندی بە رێکخراوەکانی مرۆڤدۆست و خزمەتکوزاری کوردستانی لە دەرەوەی وڵات بکەن تاوەکو هەموومان بە یەکەوە لە کەمپینێکی کتوپڕ و نموونەییدا دەست بە کرینی دەمامک بکەین.

» ئەم کەمپینە بە رێگای پەیوەندە ڕاستەوخۆ لە گە ل لایەنە بەرپرسیارەکانی باشووری کوردستان ئەنجام دەدرێت.

بەڕێزان:

ئەگەر ساڵی 1988 گەلەکەمان کیمیاباران کرابێت و نەمانتوانیبێت کارێک بکەین، ئەوە ئەو کاتە بارودووخەکە جیاواز بۆ لە هی ئیستا. بەڵام لەم سەردەمەدا و بە هەبوونی هەزاران رێکخراوی کوردستانی و پەرلەمان و دوو بەڕێوەبەرایەتی لە باشووری کوردستان، ئەگەر کارەساتێک و ئەنفال و هەڵەبجەیەکی تر ڕۆبدەن، ئەوە لە دوای ڕژێمی سەددام ئێمە بەرپرسیار دەبین.

هەر بۆیەش جارێکی تر دواتان لێدەکەین دەستبەکاربن و با بە یەکەوە ئەم جارە گەلەکەمان بپارێزین و لەم بوارەدا یەک هەڵوێستبین. ئەگینا مێژو ئەم جارە لێمان نابووریٚ.

چاوەڕێی هیممەتتانین

**ناوەندی هەڵە بجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد– چاك**

**13–02–2003**

antigenocide@hotmail.com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت